# بژی ڕاپەرینی خەڵکی کەلار دژ بە گەندەڵی و لە پێناو دابینکردنی کارەبا و ئاو و سوتەمەنیدا!

**جەماوەری ئازادیخوازی شاری کەلار**

بە ناوی ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە، دەستخۆشانەتان لێدەکەمو بەهیوای سەرکەوتنتانین لە خەباتی ڕەواو ئینسانیتاندا لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان لە ئاوو کارەباو سوتەمەنیو دژ بە گەندەڵ ئیداری وبنبڕکردنی دیاردەی دزیو هەڵلوشینی سەروەتی خەڵکی کوردستان. حزبی ئیوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، هەمیشە لە جەرگەی خەباتو ململانێکەی سیاسی بەردەوامدا بوە لەپێناو بەدیهێنانی سەرجەم خواستەکانی خەڵکی کوردستانو بەم پێیەش نەك تەنها لەگەل ئیوەین بەڵکو بە هەموو توانامانەوە هەوڵ دەدەین لە پیناو بەدیهێنانی تەواوی خواستو داواکانی خەڵکی کوردستاندا لێبڕاوانە لەمەیداندا بین.

ڕاپەڕینی ئەمڕۆی ئیوە کە لەسایەی دەستپێشخەریو ڕابەری کۆمەلێك لە دڵسۆزانو خەمخۆرانی کەلارەوە بە دروشمی "ئاو، کارەبا، سوتەمەنی، نەمانی دزیو ڕۆیشتنی قائمقام" هێمنو شارستانیانە دەستتان پێکرد، لەلایەن هێزی سەرکوتکەری ئاژاوە گێرەوە کرایە شەرو پێکدادانو چەندین کەس لە خۆپیشاندەران لەم نێوەدا بریندارو بونو بەپێی دوایین هەواڵ یەکێکیان گیانی لەدەستداوە، بۆتە گیان بەختکردوی ڕیگای ئازادیو خۆشگوزەرانی.

ڕاپەرینی ئێوە حەلقەیەکە لە حەلقەکانی ڕاپەڕینو خەباتی خەڵکی کوردستان کە ماوەی سالێکە دەستیپێکردوە دژ بە گەندەڵی ئیدارییو لە پێناو باش بژیەتیو بەرزکردنەوەی ئاستی مەدەنیەتو خواستی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ئاوو کارەباو ڕیگاوبانی گونجاو کە لە ڕۆژی 21ی حوزەیراندا خەڵکی خۆراگری شاری ڕانیە قفڵی ڕاپەرینێکی نوێیان پێکردوە. ڕاپەرینی ئیوەش هەمان ناوەڕۆکی پێشکەوتنخوازیو شارستانیانەی لە خۆگرتوەو لە درێژەی هەمان هەلومەرجی سیاسیو کۆمەلایەتی کوردستاندایە کە لەسایەی دەسەلاتدارێتی ناسیونالیزمی کورددا سەپاوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا لە زەوتکردنی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانەوە بگرە تاکو دەگاتە ئیبداع کردنیان لە گەندەڵی ئیدارییو فەرهود کردنی سەروەتو سامانی خەلکی کوردستان.

دەسەلاتدارێتی ناسیونالیزمی کوردو بەرپرسانی لەماوەی 14 ساڵی ڕابوردودا بەڕۆشنی نیشانیان داوە، کە ئەوان خەریکی شەڕو تالانو بڕۆن، خەریکی کەلەکردنی پارەپولی فەرهودکراوی خەڵکن، خەریکی کردنەوەی گەرەکەکانی بەهەشتی شارو فیرعەوناوان، خەریکی ئیمزاکردنی ڕیککەوتنامەی شەراکەتی ئابورین لەگەل هەر کۆمپانیایەکی ناوخۆییو دەرەکیدا، کۆمپانیاو بازرگانیەکی بریك گەورە نیە لەکوردستان ئەگەر شەراکەتی بەرپرسیکی ئەم دوهێزە دەسەلاتدارەی لەگەل نەبێت. خەریکی سەرکوتی خۆپیشاندەرانو تەقکردنن لێیان، خەریکی برینی ژەمە نانی ئەو فەرمانبەرو مامۆستایانەن کە نارازین، لە هەمانکاتیشدا لە هەرکوێیەك کۆشکێکی فرعەونی دروست بکەن ئەوە پێش ئەوەی کۆشکەکەیان تەوابیت شەقامی قیری بۆ دەچێت ئەگەر بەسەر شاخیشەوە بێت، پێش ئەوەی تەواو بیت کارەبای لە خەتی فیدەری 2 بۆ دابیندەکرێت و بیری ئیرتوازی بۆ لێدەدریت بەلام بۆ خەڵك بیرلێدانیش قەدەغەیە بۆ کەلاریش تەنها 2 سەعات کارەبا دابیندەکرێت. بۆ بەرپرسان کوردستان چراخانو قیرتاوو پڕ ئاوە، بۆ زۆربەی زۆری خەڵکیش تاریکستانو لیتا وە.

**جەماوەری ناڕازیو ڕاپەریوی کەلار!**

بە هیچ وەعدەو بەلێنێك دەستی خۆتان لیك مەکەنەوە، یەکگرتوییو ڕیکخراوبونتانو بەردەوام بونتان لە خەباتێکی بەردەوامدا تاکە ڕیگای بەدیهێنانی خواستو داوکاریەکانتانە، خۆتان یەکگرتوو ترو ڕێکخراوتر بکەن بەدەوری ڕابەرانی دڵسوزو خەمخۆرانی خۆتاندا، ریزەکانتان پتەو تر بکەن. نوێنەرانی خۆتان بکەنە چاودێرو لایەنێکی سەرپەرشتیار بەسەر جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە لە ئاوو کارەباو قیرتاو کردنی شەقامو کۆلانەکان، ڕیگا مەدەن ئاژاوە گێرانو تاوانباران کە تەقەیان لە خەڵك کردوەو چەندین کەسیان بریندار کردوەو دەستیان بە خوێنی ئیوە سوربوە، هەروا دەربازبنو پێویستە وەکو تاوانبارو ئینسان کوژەکان ببرێنە داداگایەکی ئاشکراو بەسزای خۆیان بگەن. لەکۆتاییدا ماوە بلێم ئەمە دەستوری ناسیونالیزمی کوردە، دەستوری سەرکوتو گەندەلی، دەیانەوێت لە 15ی ئۆکتۆبەردا راپێچتان بکەن بۆ دەنگدان بۆ دەستوری سەرکوتو گەندەڵیو شڕەخۆری بۆ دەستوری زەوتکردنی مافی سیاسی ئیوە لە بڕیاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆتان، بۆ دەستوری کۆیلەتی ژنانو لاوان. ئیوە لە ئێستاوە بەم ڕاپەرینە شکۆدارەتان وەلامی خۆتان دایەوە بەم دەستورەو وە بە دەنگی بەرز "نا" تان ووت بۆ هەلومەرجێکی سەپێنراو ئالۆز کە دەستورەکەی تیدا نوسراوە.

دوبارە دەستان خۆش و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**سامان کەریم**

**بەرپرسی ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/9/7